# بیمار ... بەدەستوخەتی خۆی (*)

ئا: ڕامان

**لیستی بەرهەمەکان و ئەزموونی شیعر**

**١- ئەزموونی شیعر:** لە ساڵی ١٩٣٦ لە کۆیە هاتوومەتە دنیاوە، ئەوەی زۆر لەبیرم مابێ، لە ساڵی ١٩٤٨ کۆیە بزووتنەوەیەکی سیاسی خەڵکی بەخۆیەوە دی، خۆپێشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوەی ناڕەزایی دژی دەسەڵاتی ئەوسای عێراق و ئینگلیز لەسەروبەری مۆرکردنی پەیماننامەیەک لەنێوان عێراق و بەریتانیا بەناوی پەیماننامەی (پورتس مۆث)، یان (جەبر - بیڤن) ڕاپەڕینی گەل لە سەرتاپای عێراق دەستی پێ کرد و لە بەغدا چەندان کەس کوژران و حزبەکان دژی دەسەڵات شۆڕشیان دەست پێ کرد، لە ئەنجامدا وەزارەتی (ساڵح جەبر) لەکار لاکەوت و پەیمانەکە هەڵوەشایەوە، ئەو ڕاپەڕینە بە عەرەبی بە (وەثبة) ناونرا.

خۆی هەر لەدوای براناوەی دووەم شەڕی جیهانی و سەرکەوتنی بەرەی دیموکراسی، بیروباوەڕی سوشیالستی و نەتەوایەتی پەرەی سەند. ڕۆژنامە و بڵاوکراوەی ئاشکرا و نهێنی زۆر بە گەرمی دژی دەسەڵاتی مەلیکی و وەزارەتەکانی دەسەڵات خەڵکیان هۆشیار دەکردەوە و هانی لاوانیان دەدا بۆ خەبات و بەربەرەکانی حکوومەت و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و کرێگرتەیی بەریتانیا و ڕژێمی دەرەبەگی و بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و مافی ژیانی باشتری چینی ڕەنجبەران و هەژاران.

لەم ساڵانەدا لە کۆیە دوو کتێبخانە هەبوون کە دەوری باشیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، یەکێک بەناوی کتێبخانەی (کۆیسنجەق) و ئەوی تر بەناوی کتێبخانەی (حاجی قادری کۆیی) کە یەکەمیان سەر بە حزبی (تەحەرور) بوو کە بەشێک بوو لە حزبی شیوعی عێراق، دووەمیشیان سەر بە حزبی پارتی دیموکراتی کورد بوو، چالاکی سیاسی زیاتر لە شیعری شاعیران و لە هەڵبەستی بۆنە نیشتمانییەکان و خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوەی جەماوەری و نەورۆز خۆی دەنواند. شیعری شاعیران ڕۆڵی گەورەی هەبوو لە هۆشیارکردنەوە و هاندانی کۆمەڵانی خەڵک. لەم ڕۆژانەدا شیعری دڵزار ڕۆستەم، وردی و شێخ ئەنوەر و عەونی بەناو لاواندا بڵاوبوون. زۆر کاریان لە ئێمەی قوتابی و لاوان دەکرد، من قوتابی قوتابخانەی ناوەندی بووم، هەوڵم دەدا لە شێوەی شیعری ئەو شاعیرانە چەند پارچەیەک بنووسم، بە تایبەتی شیعری لایەنگریی خەباتی

چینی ڕەنجبەران و دژی داگیرکەری ئیستیعمار و دووبارەکردنەوەی دروشمەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی و سۆشیالیستی.

لە کۆبوونەوە حیزبییەکاندا ناو ناو شیعری دەخوێندەوە، یەک لەوانە سیمینارێک بوو (حەسەن کاکا) باسی کردووە. (هەورازەکانی کاروانی تەمەنم ل٣١). لە ساڵانی پەنجاکاندا گۆڤاری (الآداب)ی لبنانی، کە تۆماری ئەدەب و شیعری نوێ بوو، زۆر سوودم لێ دەبینی، هەروەها ڕۆژنامە عەرەبییەکانی وەکوو (الأهالي) و هی دی. ئەوسا خوێندن بە زمانی عەرەبی بوو، منیش هەوڵم دەدا فێری ئەو زمانە بم.

یەکەم هەڵبەستم لە ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی، ساڵی ١٩٥٣ بڵاوکردەوە، سەردەمێک کە مامۆستا گۆران سەرنووسەری ڕۆژنامەکە بوو.. شیعرەکە بەبیری بەرپابوونی ئاسایش و دژایەتی شەڕی جیهانی نووسرابوو، کە بزووتنەوەی (أنصار السلام) لە عێراق لە جیهاندا بەهێزبوو.

دوای ئەوە، بە تایبەتی لە (ئامادەیی) زمانی عەرەبییەکەم باش بوو، شیعری (ناظم حیکمەت) کە کرابوو بە عەرەبی، هەروەها لۆرکای ئیسپانی.. بابلونێردام دەخوێندنەوە.. شاعیرانی نوێکەرەوەی عەرەبیش وەکوو (بەیاتی) و (سەییاب) و (عبدالصبور) سەرنجیان ڕادەکێشام، ئەوەی زیاتر سەرسامی دەکردم و سوودم لێ دەبینی، شیعری مامۆستا گۆران بوو، جگە لە بابەتەکانی زمانە ورد و هونەرمەندانەکەی، لەو سەردەمە لە گۆڤاری (هەتاو)ی هەولێر شیعرم بڵاودەکردەوە.

نابێ ئەوەش لەبیربکەم کە بە ئارەزووەوە شیعری غەزەلیات و سەردەمی پێشووی وەکوو شیعری سالم، نالی، شێخ ڕەزا، حاجی قادر



**عەبدولڕەزاق بیمار**

و سروودەکانی (زیوەر)م دەخوێندەوە و کاری تێ دەکردم و لاساییم دەکردەوە، بەڵام زیاتر خولیای تازەکردنەوە بووم. لە ١٩٥٥ کۆمەڵێک شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتیم ئامادە کرد، کاک محەمەدئەمین قادر حەیدەری لێی وەرگرتم تا لە بەغدا چاپی بکات.. هەتا لە ڕۆژنامەی (الأهالي) ڕیکلامی بڵاوکردەوە کەوا دیوانی (ئاوێنەی ژیان) بەم زووانە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە.. داخەکەم ڕۆژگاری سیاسی لێ نەگەڕا، کەوا پۆلیس چاپخانەکەیان ڕاگرت و (ئاوێنەی ژیان)ـەکەی منیش دەستی بەسەردا گیرا.

جگە لە شیعری سیاسی و کۆمەڵایەتی، شیعری دڵداریشم دەنووسی، تا ئێستاش کۆمەڵێکم لەو شیعرانە لەلا ماوە و چاپ نەکراون. هۆیەکەشی ڕەنگە ئەوەبێت کە لەبەر باری ئایدیۆلۆجی، گوایا ئەمانە بەکەڵک نایەن و دەبێ هەر لە

چوارچێـوەی بیروبـاوەڕی سـەر بـە حیـزب شـیعر بنووسرێ... ئەگەرنا شیعری تەڕ و هەست ناسکی لاوی و دڵـداری زۆری تێدا بـوو. لـەم شیعرانە تەنیا پارچەیەکـم دا بـە مامۆسـتا باکووریـی هونەرمەنـد بەناوونیشـانی (پێشکەشـم کـردووی) بـە ئاوازێکـی خۆش بـە گۆرانـی گوتوویەتـی..

ئێسـتا دەفتەرێکـی شـیعری دڵداریم هەڵگرتـووە کـە شـیعری سـەردەمی لاوییـە نـاوم نـاوە (دڵ و گوڵ)، لەبـەر ئـەوەی سـەردەمەکەی کـۆن بـووە، نەمتوانیـوە ئێسـتا بـڵاوی بکەمـەوە، وەکـوو بڵێـی وەختـی بەسـەرچووە.

## لیستی بەرهەمەکان

١ - بووکی پەردە (شانۆنامەیەکی کۆمەڵایەتی)، لـە ١٩٦٠ لـە بەغدا چاپ کراوە.

٢ - شـانۆی کوردسـتان: چـوار ئۆپەرێـت و چیرۆکـی هۆنـراوەی سـەر شـانۆیە، سـاڵی ١٩٦١ لـە بەغـدا چـاپ کـراوە.

شانۆ و هۆنراوەکانی ناو ئەم کتێبە ئەمانەن:

ا- ئاواتی ئۆمەر، یان مردنی ئاوات.

ب- خەونەکانی گەنجۆ.

جـ- ئۆپەرێتی شەفێ و شیرین.

د- سەرکەوتنی بەهار.. شانۆییەک بۆ منداڵان.

٣- دیوانی بنەوشـەکان: (کۆمەڵێک هەڵبەست — بەغدا، سـاڵی ١٩٨١.

٤- دڵداریـی ئێمـە: (کۆمەڵێـک هەڵبەسـت)، بەغـدا، سـاڵی ١٩٨٢.

٥- کانیلە و خۆشەویستی: (کۆمەڵێک هەڵبەست)، بەغدا، ساڵی ١٩٨٤.

٦- ناوچـەوان: (کۆمەڵێک هەڵبەسـت)، بەغدا، سـاڵی ٢٠٠٠.

٧ - ڕۆژانێـک بـوو: (کۆمەڵێـک هەڵبەسـت)، بەغـدا، سـاڵی ٢٠٠٦.

٨ - سـێ دەقـی شـانۆیی (بەغـدا/ ٢٠٠٦)، ئەمانـەش سـێ دەقـی شـانۆنامەی پەخشـانن) ئەمانـەن:

ا- دوا سکاڵا: کـە لـە گۆڤـاری نووسـەری کورد، (ژمارە) ٧ و ٨/ ١٩٩١ بڵاوکراوەتەوە.

ب- مەلیـک خەلیـل: لـە گۆڤـاری ڕامـان (ژمـارە ٤٦، ٢٠٠٠ بڵاوکراوەتـەوە.

جـ- حوشـترمەل: لـە گۆڤـاری کاروان (ژمـارە) ١٦٨، ٢٠٠٢ بڵاوکراوەتـەوە.

٩- دڵـداری و دووکـەڵ: (شانۆنامەی پەخشـان) - ٢٠١٣ سـەنتەری چاپ و بڵاوکردنـەوەی کۆیـە.

١٠- پەنجەگەلـی مێخـەک- شـانۆنامەیەک لـە عەرەبییـەوە کـراوە بـە کـوردی.

١١- پێـڕەوی گوفـەکان - شـانۆنامە/ ئارتـور ئادەمـوف - لـە عەرەبییـەوە کراوە بـە کوردی و هێشـتا بـە چـاپ نەگەیشـتووە.

١٢- خـەون و تەختەنیـگار - شـانۆنامەیەکە سـاڵی ١٩٩١ نووسـیومە و هێشـتا بـە چـاپ نەگەیشـتووە.

١٣- چەنـد شـانۆنامەیەک لـە هەنـدێ گۆڤـار بڵاوکراونەتـەوە، داخەکـەم بەردەسـت نەبـوون.

## لێکۆڵینەوە

١- خوێندنەوەیەکـی تـازەی هەڵبەسـتی کوردی/ هەولێـر- ئـاراس/ ٢٠٠٦. دەربـارەی شـیعری شـێوازی کوردانـە و دوور لـە شـێوازی فارسـی و عەرەبـی لای:

مستەفا بەگی کوردی

تایەر بەگی جاف

حەریق

صافی هیرانی

ئەدەب (مصباح الدیوان)

بێخود

حاجی قادری کۆیی

ڕەنجووری

شاییەکەی مەولەوی

پێنج خشتەکی.

٢ - پەخشانی کوردی: لەوانەیە یەکەمین لێکۆڵینەوەی سەربەخۆ بێ لە بارەی هونەری پەخشان نووسین و مێژووی پەخشانی کوردی، نموونەی پەخشانی: ئێزیدی، یارسان (کاکەیی)، پەخشانی مەولوودنامەکان و... هی دی، بەغدا/ ١٩٩٨.

٣ - کێش و مۆسیقای هەڵبەستی کوردی: بەغدا/ ١٩٩٢، ئەمەش لێکۆڵینەوەیەکی نوێ و سەربەخۆ و زانستییە دەربارەی کێشی عەرووزی هەڵبەستی کوردی، بە ڕێگەیەکی ئاسان تەرازوو بکرێت و دەستنیشانی کێشی خۆماڵی و هەڵبەستی تازەی گۆران کراوە..

٤ - فەرهەنگۆکی هۆنراوەی ئەحمەدی - سەرنج و داڕشتنەوە و پێداچوونەوە/ لە بەرگی ١٨ و ١٩ی گۆڤاری کۆڕی زانیاری عێراق، دەستەی کورد دەرهێنراوە، بەغدا/ ١٩٩٨.

## لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکاندا

١ - هونەری (هەجو) لە هەڵبەستی کوردیدا - گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ.

٢ - لەگەڵ شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە دیوانەکەیدا - گۆڤاری (هیوا) ژمارە (٣٠)، ١٩٦٠ و ژ٣١ / ١٩٦١.

٣ - لایەنی کۆمیدیی شیعری شێخ ڕەزا - ڕۆژنامەی هاوکاری.

٤ - دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی - ئامادەکاریی شێخ محەمەی خاڵ - ڕۆژنامەی هاوکاری.

٥ - وێنەی هونەری لە شیعری حاجی قادری کۆییدا - ڕۆژنامەی (العراق)، بە سێ ژمارە: ڕۆژانی ٢/٩ و ٣/٢٣ و ١٩٨٣/٤/٢٠.

٦ - لاوک، گەنجینەی کەلەپووری کوردی - گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ١٩٨٦.

٧ - سوارچاکی لە ئەدەبی کوردیدا - گۆڤاری بەیان، ژمارە ٧٥/ ١٩٨٢.

٨ - کلاسیک و ئەدەبی میللی لە هەڵبەستێکی سالم دا — هاوکاری ١٩٩٧/٦/٢.

٩ - تایبەتییە هونەرییەکانی شیعری مەلای جزیری - گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە ٦٢، / ٢٠٠١. (لە میهرەجانی مەلای جزیری، لە دهۆک لە ئەیلوولی ٢٠٠٠ خوێندرایەوە).

١٠ - لە یادی (دڵدار)ی مامۆستا و هەڵکەوتەدا ڕوون کردنەوەیەک/ هاوکاری/ (ژمارە) ١١٦، / ١٩٩٥.

١١ - بەیتی جەنگنامەی کلۆ و ئاینەمەل - هاوکاری، لە چوار ژمارەی (١٢٧٧ و ١٢٧٩ و ١٢٨٨ ، ١٢٩٣)ی ساڵی ١٩٩١.

١٢ - کەسایەتیی حاجی قادری کۆیی لە ژین


لیستا بەرهەمەکان و ئەزموونی شیعر ـ ن. سەروەکی

١- ئەزموونی شیعر: لە ساڵی ١٩٣٦ لە کۆیە هاتوومەتە دنیاوە، ئەوەی زۆر لەبیرم مابێ لە ساڵی ١٩٤٨ کۆیە بزوتنەوەیەکی سیاسی خەڵکی بەخۆیەوە دی، وەکو خۆپیشاندان و کۆڕ و کۆبوونەوەی نارەزایی دژی دەسەڵاتی ئەوسای عێراق و ئینگلیز لە سەرووبەری مۆرکردنی پەیماننامەیەک لە نێوان عێراق و بەریتانیا بە ناوی پەیماننامەی (پورتس موث)، یان (جەبر - بیڤن) راپەرینی گەل لە سەرتاپای عێراق دەستی پێکرد و لە بەغدا چەندین کەس کوژران و حیزبەکان دژی دەسەڵات شۆڕشیان دەست پێکرد، لە ئەنجامدا وەزارەتی (ساڵح جەبر) لە کار لاکەوت و پەیماننامەکە هەڵوەشایەوە، ئەو راپەرینە بە عەرەبی بە (وەثبە) ناونرا.

خۆی هەر لە دوای برانەوەی دووەم شەڕی جیهانی و سەرکەوتنی بەرەی دیموکراسی، بیروباوەڕی سۆشیالستی و نەتەوایەتی پەرەی سەند. رۆژنامە و بڵاوکراوەی ئاشکرا و نهێنی زۆر بە گەرمی دژی دەسەڵاتی مەلیکی و وەزارەتەکانی دەسەڵات خەڵکیان هۆشیار دەکردەوە و هانی لاوانیان دەدا بۆ خەبات و بەربەرەکانێی حکوومەت و دەسەڵاتی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیستی بەریتانیا و رژێمی دەرەبەگی و بۆ چەسپاندنی دیموکراسی و مافی ژیانی باشتری چینی رەنجبەران و هەژاران.

لەم ساڵانەدا لە کۆیە دوو کتێبخانە هەبوون کە دەوری باشیان هەبوو لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری، یەکێک بە ناوی کتێبخانەی (کۆلێجە) و ئەوی تر بە ناوی کتێبخانەی (حاجی قادری کۆیی) کە یەکەمیان سەر بە حیزبی (تەحەرور) بوو کە بەشێک بوو لە حیزبی شیوعی عێراق دووەمیشیان سەر بە حیزبی پارتی دیموکراتی کورد بوو

و لە هەڵبەستەکانیدا.
١٣- حاجی قادری کۆیی قوتابییەکی بەهرەدار - گۆڤاری نووسەری کورد/ ١٩٧٢/٥.
١٤- حاجی قادری کۆیی- پیاچوونەوەیەکی وردەکاری- هاوکاری، ژمارە ٣٥٢٠، ٢٠٠١/٧/١/.
١٥- دڵدار- شاعیری شۆڕشگێڕی کوردایەتی - گۆڤاری (گەرمیان)- بەغدا.
١٦- ڕەنگ لە تەختەنیگاری هەڵبەستی گۆران دا / ئاینده- سلێمانی، ژمارە (٩٦).
١٧- دڵدار و بەهرەی تازەکردنەوە و پێشکەوتن / گۆڤاری (ڕۆڤار) سلێمانی، ژمارە (١٠).
١٨- دڵدار شاعیری بەرەنگاری و شۆڕش، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە (١٠٤٧) — ٢٠١٣/٩/١٤.
١٩- عەونی- شاعیری هەڵکەوتوو و هیوا ڕوون/ هاوکاری، ١٥٢٠ی/ ١٩٩٢.
٢٠- چەند ڕاستییەکی نوێ لە بارەی شێخ نووری و نوێکردنەوەوە، ڕۆژنامەی هاوکاری، ٢٠٠٠/١١/١٢.
٢١- شەرەفنامەی بدلیسی، هاوکاری، ژ ٢٧١١، ١٩٩٧.
٢٢ - بەرەو لوتکەی ئاواتی خالید دلێر، هاوکاری، ژ ٢٧٣٧، ١٩٩٧.
٢٣- خەبات و ژیانی، دڵزار، هاوکاری، ژ ٢٦٨٢، ١٩٩٧.
٢٤ - سەرنجێک لە کۆمەڵە هەڵبەستی پارچەیەک لە جگەرم، شاربازێڕی، ڕۆژنامەی (ڕاپەڕین)، سلێمانی، ژ ٢٠٥، ١٩٦٨.
٢٥- دیوانی کوردی، چاپی سێیەم، هاوکاری، ژ ٢٦٦٥ و ٢٦٧٠، ساڵی ١٩٩٧.
٢٦- بەیتی ئەوەل و ئاخر، هاوکاری، ١٩٨٠/٢/١٨.
٢٧- دیوانی نالی، هاوکاری، ١٧ /٥ /١٩٩٧.
٢٨- دیوانی حاجی قادری کۆیی، گۆڤاری بەیان، ژ ١٢٠، ١٩٨٦.
٢٩- دیوانی مەلا وەسمان، ئەمین موتابچی، ڕۆژی کوردستان، ٢٥ و ٢٦، ١٩٧٥.
٣٠- دیوانی سالم، ژ ٢٧٠١، ١٩٩٧، ڕۆژنامەی هاوکاری.
٣١- دیوانی بێکەس، چاپی سێیەم، هاوکاری، ژ ٢٦٥٠، ١٧ /٣ /١٩٩٧.
٣٢ - دیوانی وەفایی، هاوکاری، ژ ٢٧٢٦، ١٩٩٧/٧/٧.
٣٣ - سەرجەمی بەرهەمی گۆران، هاوکاری، ١٩٩٧/٦/٣٠.
٣٤- قەڵاتەکەی چارەنووسی یەکتر بڕ و دوا ماڵاوایی شێرۆ، هاوکاری، ١٩٩٣/٦/١٤.
٣٥- کەشکۆڵی کەلەپووری ئەدەبی کوردی، هاوکاری، ژ ٢٦٦٠، ١٩٩٧.
٣٦- حیکایەتی دز و قازی، گۆڤاری ڕەنگین، ژ ١٤٤، ٢٠٠١.
٣٧- ڕۆمانی مارەکەیان بکوشتایە، گۆڤاری ڕەنگین، ژ ١١٤، ١٩٩٨.
٣٨- جوانکیلەی پەناگرتوو، شیعری د. وریا، پاشکۆی عێراق، ژ ٤٥٥، ١٩٩٧.
٣٩- لە بیرەوەریی ٢٨ی نیسانی ١٨٩٨دا، دەرچوونی یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی کوردستان.
٤٠- سکاڵای مستەفا بەگی کوردی (بە بۆنەی دەرچوونی چاپی دووەم- گیوموکریانی، گۆڤاری ڕوناهی، ژ ٣، مایسی ١٩٦٣).
٤١- (ملحمة مم و زين)، گۆڤاری (المعرفة)، شانشینی عەرەبی سعوودی، ژمارە (١١٥)، نۆڤەمبەری ٢٠٠٤م. (بە عەرەبی نووسراوە).
٤٢- مەنفی- گۆڤاری (هەتاو) دوو ژمارەی (٥١ و ٥٣)ی ١٩٥٦.

**سەرنج:** زۆربەی ئەو لێکۆڵینەوانەمان کۆکردووەتەوە، بەو هیوایەی لە کتێبێکدا بە چاپی بگەیەنین.

٤٣ - کامەران و هۆنراوەی نوێی (محمد صدیق عارف)، گۆڤاری پێشکەوتن، ٣ /٦ /١٩٥٨.

## شیعر بۆ منداڵان

کۆمەڵێک شیعر بۆ منداڵان، ئامادەیە بۆ چاپ.

هەندێکیان لە گۆڤاری (هەنگ)، ڕۆژنامەی (پاشکۆی عێراق)، ٦ /٢ /١٩٩١، (هاوکاری) و (بەیان) بڵاوکراونەتەوە.

٤٤- مردنی جوان لە (گەشتی بیارە)دا، هاوکاری، ژ ١٤٠٨، لە ١٩٩٢/٣/١٩.

٤٥- سەرنجێکی بەراوردکاری لە هەڵبەستێکی مەدهۆش و سەییاب، هاوکاری، ١٩٠٨، ١٩٩٤/٦/٢٨.

٤٦- دڵداری لای مەدهۆش، هاوکاری، ژ ١٩٤١، لە ١٩٩٤/٤/٢٦.

٤٧- ژن و دڵداری و جوانی لەنێوان مەدهۆش و نزار قەببانی دا، هاوکاری، ژ ٣٠٠٠، ١٩٩٤/١٢/٢٠، بەشی دووەم، لە ژمارە (٣٠٠٢).

٤٨- زیوەر و شیعری سیاسی (لێکۆڵینەوە).

٤٩- گۆران و نوێ کردنەوە، هاوکاری، ژ ٢٨٥٦، ١٩٩٨/٢/٢٥.

٥٠- دەربارەی گۆران، بەشی دووەم، هاوکاری ژ ٢٩٩٨، ١٩٩٨/٧/٦.

٥١- هەڵبەستی سیاسیی گۆران (ئیمپریالزمی ئەمریکا و دوو هەڵبەست) هاوکاری.

٥٢- دڵدار و بەهرەی تازەکردنەوە، بەشی یەکەم (هاوکاری)، ژ ١٣٨٤، ١٩٩٢/٢/٢٠، بەشی دووەم، ژ ١٣٨٥، ١٩٩٢/٢/٢٢.

٥٣- لە یادی (دڵدار)ی مامۆستا و هەڵکەوتەدا و ڕوونکردنەوەیەک، هاوکاری، ژ ٢٣١٧، ١٩٩٥/١١/٦.

٥٤- بێکەس شاعیری نیشتمانپەروەری کورد. (نووسەری کورد).

٥٥- ع.ح.ب شاعیری ژیان و کوردەواری، گۆڤاری ڕامان، ژ ٥٢، ٢٠٠٠/١/٥.

٥٦- وتارێک دەربارەی هەڵبەستی هەژار، لە دیوانی (بۆ کوردستان)دا.

٥٧- ڕەسەنایەتی لە شیعری دڵزاردا، ڕێگای کوردستان، ٢٠١٥.

٥٨- دڵداری هەڵکەوتە، هاوکاری، ژ ٣٨٥٤، ٢٠٠٢/١١/١٢.

٥٩- نیو سەدە تێکۆشان، کتێبە بە نرخەکەی (عبدالله حسن زادە)، هاوکاری، ژ ٢٢٩٥، ١٩٩٥/١١/٤.

٦٠- حەماغای گەورە، هاوکاری، ژ ١٧٣٧، ڕۆژی ١٩٩٣/٦/٣٠.

٦١- لە هەڵبەستی هاوچەرخی ئینگلیزی، هاوکاری، ژ ٣٩٠٤، ٢٠٠٣/١/٢٦.

٦٢- دەسنووسێکی غەزەلی کوردی، نووسەری کورد.

٦٣ - ئەمیناغای ئەختەر و هەڵبەست و مۆسیقا.

٦٤- ئەختەر، گۆڤاری هەتاو، دوو ژمارەی (٥٤، ٥٥)ی ساڵی ١٩٥٦.

٦٥- بابەتایەری هەمەدانی: گۆڤاری (هیوا) و گۆڤاری (ئۆتۆنۆمی).

٦٦- قانع، لێکۆڵینەوە لە شیعرەکانی- کتێبی یادی قانع- کۆکردنەوەی برهان، بەغدا، ١٩٧٨.

٦٧- دیاردەی هەڵبەستی کامەران، هاوکاری، ژ ٣٦٢٢، ٢٠٠١/١٢/٩.

٦٨- شێخ ڕەزای تاڵەبانی لە ڕۆژنامەی (الرقیب)دا، هاوکاری، ژ ١١٦٩، ١٩٩٠/٤/١٢.

٦٩- نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتوو، هاوکاری، ژ ٧٨٠، ١٩٨٥/٣/١٤، ژ ٧٧٩، ١٩٨٥/٣/٧.

٧٠- کە ئەسپی قەڵەمێک ئەگلێ، هاوکاری، ژ ٢٣، ١٩٨٣/٦.

**٧١- شـانۆگەریی لاس و خـەزاڵ و سـەرنجێک، هـاوکاری، ١٩٨٣/٢/١٧.**

**٧٢- مارکـۆزە مـرد- ئەفسـانەکەش تەقـەی بـڕا، هـاوکاری، ١٩٨٠/١/٧.**

**وتـار و تەرجەمـە بـە عەرەبی، لەگـەڵ ئـەوەی بـە عەرەبـی لەسـەر نووسـەر نووسـراوە:**

١ – عـرض كتـاب كركـوك و توابهـا، الاتحـاد، ٦٩٩ و ٦٩٨، ٢٠٠٤/٣/٣.

٢ – شـعبان مزيـري، حب الوطـن لـدى شـعراء الكـرد، المسـتقبل، العـدد ١٣، ٢٠٠٣/١٢/١٦.

٣ – لمـاذا يحشـر اسـم الكـرد، الاتحـاد، العـدد ٧٣٤، ٢٠٠٤/٥/٢٤.

٤ – تجليـات الوطـن والانسـان والافـكار فـي قصائـد عبدالـرزاق بيمـار، بقلـم عصمـت شـاهين، العـراق، ٢٠٠٠/٥/١١.

٥ – فـي ذكـرى رحيـل المـؤرخ جميـل روزبيانـي، الاتحـاد، العـدد ٧٠٠، ٢٠٠٤/٣/٣١.

٦ – بيئـة الثقافـة والديمقرطيـة، الاتحـاد، العـدد ٧٢٧، ٢٠٠٤/٥/١٥.

٧ – احتفاليـة فـي وزارة الثقافـة بمناسـبة مئويـة الشـاعر الخالـد عبداللـه گـوران، الاتحـاد، ٧١٢ فـي ٢٠٠٤/٤/٢٠، دراسـات، عبدالـرزاق بيمـار، محمـد الملاكريـم، كريـم شـارەزا و عـادل كرميانـي وآخـرون.

٨ – ابراهيـم أحمـد والفـن القصصـي، الاتحـاد، العـدد ٧١٧، فـي ٢٠٠٤/٤/٢٧.

٩ – هـل العـراق موطـن التطـرف الدينـي، الاتحـاد، العـدد ٧٤٤، فـي ٢٠٠٤/٦/٧.

١٠ – قصيدتـان للشـاعر لطيـف هلمـت، الاتحـاد، العـدد ٨٨٩، فـي ٢٠٠٤/١٢/٤.

١١ – الاسـبوع الـذي هـو سـبعة أيـام وليلـة واحـدة، ترجمـة، الاتحـاد، العـدد ٨٨٦، فـي ٢٠٠٤/١١/٣٠.

١٢ – مشـروع قتـل، قصيـدة دلشـاد عبداللـه، ترجمـة، الاتحـاد، ٨٣٣، فـي ٢٠٠٤/٩/٢١.

١٣ – الشـاعر عبدالـرزاق بيمـار (حـاوره علـي جبـار عطيـة)، التآخـي، العـدد ٤٠٦١، فـي ٢٠٠٣/٨/٢٨.

١٤ – الأحـزاب ومقومـات وجودهـا، الاتحـاد، العـدد ٧٦٧، فـي ٢٠٠٤/٧/٥.

١٥ – فرهـاد بيربـال مـن ديوانـه (ابيضاضـات فـي الأسـود)، الاتحـاد، ٧٦٥، فـي ٢٠٠٤/٧/٣.

١٦ – دراسـة تاريخيـة عـن أعمـال علاءالديـن السـجادي، مجلـة (المـؤرخ العربـي)، العـدد (٥٦) لسـنة ١٩٩٨.

١٧ – ملحمـة مـم وزيـن، مجلـة المعرفـة السـعودية، العـدد ١١٥، لسـنة ٢٠٠٤.

١٨ – گـوران والتجديـد فـي الشـعر الكـردي، مجلـة گـولان العربـي، العـدد ٣٦، ايـار ١٩٩٩.

١٩ – تحيـة الـى الاسـتاذ فلـك الديـن كاكەيـي، التآخـي، ٢٠٠٥/٣/١٠.

**وتار و هەڵبەستی ڕۆژنامەوانی**

**– ئـەی مـرۆڤ (هەڵبەسـت)، هـاوکاری، ژ ٢٢١٢، ١٩٩٥/٦/٥.**

**– هێـزی لاوی (وتـار)، هـاوکاری، ژ ١٦٥٩، ١٩٩٣/٢/٢٨.**

**– مـن و مردن (هەڵبەسـت)، هـاوکاری، ژ ١٦٤٩، ١٩٩٣/٢/١٤.**

**– گوڵـی وەریـو (هەڵبەسـت)، هـاوکاری، ژ ١٢٤٦، ١٩٩٣/٢/٨.**

**– یەکـەم لاپـەڕەی ژیـان (وتـار)، هـاوکاری، ١٩٨٢/١/٢٤.**

**– برایـی و شـاژنی جوانـی (وتـار)، هـاوکاری، ژ ٣٠١٦، ١٩٩٨/١٢/١٣.**

**– شـێوەیەکی زمانـی قسەخۆشـی، (وتـار)، هـاوکاری.**

- دیارییەکانی مامۆستا ڕۆژبەیانی، هاوکاری، ژ ٣٠١٨، ١٩٩٨/١٢/١٥.
- دکتۆر کەمالی ئەدیب، هاوکاری، ژ ٣٠١٤، ١٩٩٨/١٢/٨.
- خەمی ڕەنگاوڕەنگی هێڵە وردەکان - هاوکاری، ژ ١١٥٠، ١٩٩٠/٢/٥.
- لە بیرەوەری ٣٣ ساڵەی ئەمین زەکی مێژوونووسدا، هاوکاری، ١٩٨١.
- بە بۆنەی تێپەڕبوونی ٣٠ ساڵ بەسەر کۆچی مامۆستا (عبدالواحد نووری)دا، بیری نوێ، (١٠٤)، ١٩٨٧/١/٢٠.
- لە مۆسیقای کورد (شمشاڵ)، گۆڤاری عێراقی نوێ، ساڵی ١٩٦٢.
- چاو بە خۆداگێڕانەوە (ڕۆژنامەی برایەتی)، ١٩٧٥/٥/٢٧ (بەناوی دیارەوە)
- بە بۆنەی دەرچوونی گۆڤاری ئەستێرە، ڕۆژنامەی برایەتی، ژ ٢، ١٩٧٥/٥/٢٢.
- ئەرکەکانی ئەمڕۆی ئەدەبەکەمان، برایەتی، ژ ٢، ١٩٧٥/٥/٢٢، گۆڤاری برایەتی، ١٩٧٥/٦/٦.
- ئەدەبی کوردی و ئەرکی ئەم قۆناغە، برایەتی، ژ ٣، ١٩٧٥/٥/٢٧.
- ئەدەبی کۆنەپەرستی (ڕۆژنامەی بیری نوێ)، ژ ١٣٥، ١٩٧٥/٣/٢.
- سەرنجێک لە خەباتی گەلی کورد (بیری نوێ)، ژ ٨٥، ١٩٧٤/٣/٢.
- لە یادی شێخ سەلام دا (بیری نوێ)، ١٩٧٣/١٢.
- کاک مستەفای باواجی/ هەڵبەستی گیر، هاوکاری، ١٩٧٢/٤/٨.
- هەڵبەستەکەی حاجی قادر و چەند سەرنجێک، ڕۆشنبیری نوێ، ژ ٨، ١٩٧٢.
- بانگەوازی ڕوانگە، هاوکاری، ١٩٧٠/٥/٩.

٧٣- دایکی ئاڵ و هەڵبەست، شەوە و ڕەخنە، هاوکاری، ژ ٢٨٢، ١٩٧٨/٣/١١.

٧٤- ئەدەبی نوێ و نوێخوازی، گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان)، ژ ٣٤، ١٩٧٥.

## پێشەکی نووسین بۆ کتێبان

٧٥- دەنگی نەسرین، کۆمەڵە هەڵبەستی د. نەسرین فەخری.

٧٦- ئاسۆی چل چیا، هەڵبەستی عوسمان مامە یەحیا.

٧٧ - گوڵەنێرگزی تۆبزاوا، هەڵبەستی هەردەوێڵ کاکەیی.

٧٨- پیرەمێرد- (گۆرکی) شانۆیی، کردنە کوردیی عەبدولوەهاب تاڵەبانی.

## وەرگێڕان لە عەرەبییەوە (کتێب)

- نان و دەریا، هەڵبەستی بابلۆنیرودا، بەغدا، ١٩٨٧.
- لۆرکا، هەندێک لە هەڵبەستەکانی، دەزگای ئاراس/ هەولێر.
- صلاح الدینی ئەبووبی، مێژوو، د. محسن (محەمەد حوسێن)، بەغدا، ١٩٩٣.
- نەصیری، یان عەلەوییەکان، دەزگای ڕۆشنبیری کوردی، بەغدا (بەهاوکاری لەگەڵ ئەحمەد زردەشت).
- پەنجەگەلی مێخەک، شانۆیی.

## دیدار و ڕیپۆرتاجی ڕۆژنامەوانی نووسەر

١- لەگەڵ مامۆستا گۆران/ بەیان، ژ(١).

٢- لەگەڵ حەسەن قزلجی چیرۆکنووس- ڕۆژنامەی بیری نوێ، ژ ٩٨، ١٩٧٤/٦/٢.

٣- لەگەڵ د. ئیحسان فوئاد، (هاوکاری)، ١٩٨١/٢/٢٦.

٤- لەگەڵ د. مارف خەزنەدار، (هاوکاری)،

.١٩٨١/٣/٥

٥ - لەگەڵ د. کاوس قەفتان، (هاوکاری)، ١٩٨١/٥/٧.

## وتار و شیعر خوێندنەوە

١- بەبۆنەی ٣٣ ساڵ بەسەر کۆچی (گۆران)، لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی، بەغدا، لێکۆڵینەوەیەک بەناوی گۆران و التجدید في الشعر الكردي، پاشان لە گۆڤاری (گوڵان)ی عەرەبی، ژ ٣٦، ایار ١٩٩٩ بڵاوکرایەوە.

٢- کۆڕێک لە کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی بەغدا، بەبۆنەی ١٠٤ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی (کوردستان)، وتار، ٢٠٠٢/٤/٢٤.

٣- سیمیناری شیعری کوردی لە بەغدا، کۆمەڵەی ڕۆشنبیریی کوردی، هاوکاری، ١٩٩١/٩/٧.

٤- یادی ٣٣ ساڵەی کۆچی بێکەس، کۆمەڵەی ڕۆشنبیری، هاوکاری، ١٩٨١/١٢/٢١.

٥- لە یادی محەمەد تۆفیق وردی دا، هەولێر، بڕوانە (هاوکاری)، ١٩٨٨/٤/٧.

٦- میهرەجانی مەلای جزیری، دهۆک، گۆڤاری ڕامان، ژ ٦٢، ٢٠٠١.

٧- دڵدار و شیعری بەرەنگاری، سەنتەری گەنجان، کۆیە، ٢٠١٣.

٨- ئاهەنگی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە بەغدا، بە بۆنەی سەد ساڵەی (گۆران)، ڕۆژنامەی (الاتحاد)، ٢٠٠٤/٤/٢٠، (بە عەرەبی).

٩ — لە بۆنەی (٥٠) ساڵەی دامەزراندنی یەکیەتی سۆڤیەتدا، ڕۆژنامەی بیری نوێ، ١٩٧٣/١/١٠.

١٠- دیداری شیعری کوردی لە (یەکیەتی نووسەرانی عێراق)، بەغدا، گۆڤاری (الفباء)، ژمارە (١٤٠)، لە ١٩٩٥/٩/١٣.

١١- بەخشینی (درع الامتياز الأدبي) لەلایەن یەکیەتی نووسەرانی عێراقەوە، ١٩٩٥، بە دکتۆر کەمال مەزهەر، محەمەدی مەلا کەریم، عبدالرزاق بیمار.

١٤ - شیعر خوێندنەوە لە (کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کوردی/ بەغدا، ڕۆژنامەی (العراق)، ١٩٨٤/١١/١٩.

١٥- کۆمەڵێک وتار لە ڕادیۆی عێراق، بەشی کوردی لە بەغدا.

## دیدەنی و ڕیپۆرتاج

١- بیمار لەبەردەم کۆمەڵێک ئەرکی پیرۆزدا، د. ئیسماعیل ئیبراهیم، (هاوکاری) ژ ٣٩٣١، ٢٠٠٣/٣/٩.

٢ - دانیشتنی یادگار و شیعر و ژیان و خۆشەویستی لەگەڵ شاعیری سەردەمی پێشڕەوی شیعری نوێی کوردی (عەبدولڕەزاق بیمار)، (هاوکاری)، ژ (٣٨٠٢)، ٩/١ و ژ (٣١٣٩) ی ٧/٢٨.

٣ - دیدەنی ڕۆژنامەنووسی جەزایری (عاشور شورفی) کە لە ڕۆژنامەی (المجاهد) بە زمانی فەرەنسی بڵاوکرایەوە، Regard sws la Litterature des kardes Irakiens.

بڕوانە ڕۆژنامەی (هاوکاری) ژ ١١٨٤، ١٩٩٠/٦/٧.

٤- سەیدا عبدالرزاق ل میڤاندارییا (بزاڤ)، ڕۆژنامەی بزاڤ، ١٩٩٠/٤/١٧.

٥ - تجليات الوطن والانسان والأفكار في قصائد عبدالرزاق بيمار، بقلم عصمت شاهين، جريدة (العراق)، ٢٠٠٠/٥/١١.

٦ - الخريف بين عبدالرزاق بيمار و غيره من الشعراء، وحيدالدين بهاءالدين، جريدة العراق، ٢٠٠٢/٨/٢٩.

٧ - الشاعر عبدالرزاق بيمار والشعر جسد

الطبيعة، حوار علي جبار عطية، جريدة (التآخي) العدد ٤٠٦١، ٢٠٠٣/٨/٢٨.

٨- دیدەنییەک، گۆڤاری (کاروان)، هەولێر.

٩- الشاعر عبدالرزاق بيمار، اربعين عاما في خدمة الكلمة الملتزمة، حسين احمد الجاف، جريدة العراق، العدد ٦٧٣٤، في ١٩٩٩/٢/١٨.

١٠- ئەوەی بۆ گەلی خۆی هیلاک بێ مێژوو پاداشتی دەداتەوە، ئەحمەد محەمەد عینایەت، هاوکاری، ژ ٣٠٨١، ١٩٩٩/٤/١٩.

١١- مامۆستا عبدالرزاق و کتێبە بە نرخەکەی (پەخشانی کوردی)، شەرمین مەحموود، عێراق، ١٩٩٨/٨/٣٠.

١٢- نیگا ئاوارەکان، پێشکەشە بە مامۆستا عەبدولڕەزاق، نووسینی ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان، هاوکاری، ١٩٩٨/٨/٢٣.

١٣- ئاوڕدانەوەیەک لە تیشکێکی پڕشنگدار، بورهان محەمەد بەرزنجی، هاوکاری، ١٩٩٦/١٢/٤.

١٤- کتێبی اعلام العراق، جەمال بابان، ل٤٦٩.

١٥- کتێبی کەشکولی گیو، کوردستانی موکریانی، ل١٢١.

١٦- کتێبی ڕۆشنبیری، ئازاد هیدایەت.

١٧- شیعرێکم بەناوی (دارخورماکان) کراوە بە ئینگلیزی، بەڵام کتێبەکەم لەلا نەماوە.

## کار و فەرمانی میری

پاش تەواوکردنی خوێندنی (سەرەتایی) و (ناوەندی) و ئامادەیی لە کۆیە، هەوڵم دا بۆ وەرگرتن لە کۆلێجی پەروەردەی، بەغدا، بەڵام دایەرەی ئاسایش باوەڕنامەی (حسن السلوک)ی نەدامێ، ئیتر ساڵێک بێ کار مامەوە.

پاشان لە بەڕێوەبەرایەتی سامانی ئاژەڵ دامەزرام و لە هەولێر، ئاسکی کەڵەک و ڕەواندوز سێ ساڵ مامەوە تا لە ساڵی ١٩٥٩ کۆلێجی ئاداب، بەشی کوردی کرایەوە، لەوێ وەرگیرام، توانیم لە بەغدا ئێواران و ڕۆژانی پشووی کۆلێج کار لە دایەرە بکەم و بەردەوامیش بم لە خوێندن.

ساڵی ١٩٦٣ کۆلێجم تەواو کرد، هەر چوار ساڵەکەی بە زۆر باشە، بەڵام نەمتوانی کارەکەم بگۆڕم، چونکە زیندانی کرام، پاش بەرەڵلابوونم، چووم لە (بەعقوبە) دەست بەکاربووم، هەتا ساڵی ١٩٧٠ دوای بەیاننامەی ١١ی ئادار، وەزارەتی کاروباری باکوور (شؤون الشمال) دامەزرا.. توانیم خزمەت بگوازمەوە ئەوێ و لە بەغدا دەوامم کرد.. پاشان لەنوێوە (بەڕێوەبەرایەتیی خوێندنی کوردی) یەکەم جار سەر بە وەزارەتی (شئوون)، پاشان سەر بە وەزارەتی پەروەردە دامەزراو منیش گوێزرامەوە ئەوێ.

کاروباری ئەم بەڕێوەبەرایەتییە زۆر گرنگ و بایەخدارە، یەکەم جار خوێندن لە هەموو قوتابخانەکانی هەولێرو سلێمانی و دهۆک (ناوچەی حوکمی زاتی) بوو بە کوردی، ئەنجا ساڵ بەساڵ کتێبە عەرەبییەکانی قوتابخانەکانمان پۆل دوای پۆل دەکرد بە کوردی. بۆ وەرگێڕانی هەر کتێبێکیش لیژنەیەک لە مامۆستایانی شارەزای بابەتەکە و زمانزان پێک دەهێنرا لە سلێمانی و هەولێر و بەغدا، ئێمەش لە (بەڕێوەبەرایەتی) پێداچوونەوە و سەرپەرشتی چاپمان دەکرد.

بە گشتی لە کردنە کوردی کتێبەکانی قوتابخانە، بەسەدان زاراوە و وشەی تازە لە بەرامبەر زاراوە عەرەبییەکان لە ئەندازە، ماتماتیک، کۆمەڵایەتی، ماڵداری، ئابووری، فیزیا و کیمیا و هی دی هاتنەکایەوە و تا ئێستاش جێگیر بوون.

من لە نزیکەی (١٢) لیژنەی (وەرگێڕان)

بەشـدار بـووم، كتێبـی مێـژوو، كۆمەڵایەتـی، نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری، خوێندنـەوە و هـی ترمـان كردووەتـە كـوردی.

ئـەوەی لـەم بـوارەدا جێگـەی وەبیرهێنانەوەیـە، بۆ یەكـەم جار كتێبی ئابووری (الاقتصاد) كرا بـە كـوردی كـە مـن لـە لیژنەیەكدا بـووم بریتـی بـوو لـە:

١- د. سامالّ مەجید فەرەج- وەزیر.

٢- مووسا صەمەدی هەولێری.

٣- عەبدولڕەزاق بیمار.

**كۆمەڵـێ زاراوەی نـوێ لـەو كتێبـەوە هاتـە كایـەوە وەكـوو:**

پشـك (سـەهم)، خواسـت و خسـتنەڕوو - (عـرض وطلـب)

هـەڵ ئاوسـان (تضخـم) مایەپووچـی (إفـلاس)... تاد.

كتێبەكەش بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی بوو.

## دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوكردنەوەی كوردی لە بەغدا

لەسـەردەمی (عوسـمان فائـق)ی بەڕێوەبـەردا هیـچ پێوەندییەكم بە دەزگاكە نەكـردووە، بـەڵام پـاش كوژرانـی ئـەو ناپاكـە، لەسـەر خواسـتی بەڕێوەبـەری تـازە (ئیسـماعیل ڕەسـووڵ) كـە دۆسـت و ناسیاو بـوو، بەشداریم لـە چالاكییەكانی دەزگاكـە بەپێـی پێویسـت دەكـرد، هەرچەنـدە لـە بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی كوردیش بـووم. بەنـاوی (خەبیـر) بۆ ڕادان لەسـەر وتـار و كتێـب و هەندێ بڵاوكـراوەی دەزگاكـە پرسـم پـێ دەكـرا.

پـاش خانەنشـین كرانـم لـە (خوێندنی كـوردی) بـە تـەواوی چالاكـی خـۆم بـۆ دەزگاكـە تەرخـان كـرد. لـە دەسـتەی نووسـەرانی بەیـان و ڕەنگیـن و هـاوكاری و ڕۆشـنبیری نـوێ هـاوكار بـووم، لـە دواییـدا بـووم بـە سـكرتێری گۆڤـاری ئەكادیمیانەی (ڕۆشـنبیری نـوێ) كـە لێكۆڵینـەوەكان تێیـدا دەبوونـە مایـەی پێشـكەوتن و پلـە بەرزكردنـەوەی مامۆسـتایانی كۆلێـج (و) خـاوەن لێكۆڵینـەوەكان.

بۆ هەڵسـەنگاندنی لێكۆڵینەوەكان جگە لە خۆمان، مامۆسـتایانی زانكـۆ و پسـپۆر و ئەدیبانـی لێهاتـوو دەبـوون بـە (خەبیـر)، بـە وردی هەڵسـەنگاندنەكان بەڕێـوە دەچـوو(ن).. لێكۆڵینـەوەی بـێ هێـز و بـێ سـەرچاوە وەرنەدەگیـران.

هـەر لـە دەزگادا، لـە چەنـد بۆنەیەكـدا وەكـوو یادی دەرچوونـی یەكـەم ڕۆژنامەی كـوردی و یادی كۆچـی (گـۆران)، بێكـەس و هـی دی بەشـداریم دەكـرد بـە وتـار خوێندنـەوە، جگـە لـە كـۆڕ و سـیمینارەكانی كۆمەڵـەی ڕۆشـنبیری كـوردی كـە شـیعرم تێـدا دەخوێندنـەوە.

## دەرس گوتنەوە لە زانكۆی بەغدا

لەسـەردەمێ كـە دوكتـۆر وریـا عومـەر ئەمیـن سـەرۆكی بەشـی كـوردی كۆلێجـی ئەدەبیاتـی زانكـۆی بەغدا بـوو، وەكـوو دەرسـوێژ (محاضر) بابەتـی مێـژوو و ڕەخنـەی ئەدەبیـم دەگوتـەوە، هەروەهـا لـە كۆلێجـی زمـان كـە د. عـادل گەرمیانـی سـەرۆك بـەش بـوو، بابەتـی فۆلكلـۆر و مێـژووی ئەدەبـم دەگوتـەوە.. تـا نەخـۆش كەوتـم، نەمتوانـی سـاڵەكە تـەواو بكـەم.

لـەو ماوەیـەدا بەشـداریم لـە هەڵسـەنگاندنی نامـەی ماجسـتیری (ئەحلام مەنسوور) و نامـەی د. نـەوزاد وەقـاص كـرد.

هەروەهـا دریغـیم نەكـردووە لـە یارمەتیدانی هەندێ قوتابـی نامـەی ماجسـتێر، بەرلـەوەی پێشكەشـی بكـەن و بەپێـی توانا زانیاریـم پـێ بەخشـیون.

## کاری ڕۆژنامەوانی

١- یەکێک بووم لە دەستەی نووسەرانی:

- گۆڤاری (هیوا)، ١٩٦٠.

- گۆڤاری (یەکیەتی نووسەرانی عێراق/ بەشی کورد، بەناوی (الکاتب الکردي- نووسەری کورد).

- ڕۆژنامەی پاشکۆی ئەدەبی (العراق).

- گۆڤاری (پەروەردە و زانست)، خوێندنی کوردی.

- گۆڤاری نووسەری کوردی یەکیەتی ئەدیبانی کورد.

- گۆڤاری بەیان، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

- گۆڤاری ڕەنگین، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

- (لاپەڕەی ئەدەب و ڕۆشنبیری) ئەم ڕۆژنامانە: التآخي، العراق، بیری نوێ، هاوکاری.

- سکرتێری نووسینی گۆڤاری (ڕۆشنبیری نوێ) کە گۆڤارێک بوو تایبەت بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی.

- وتار و هەڵبەستم لە گۆڤار و ڕۆژنامە کوردییەکان بەگشتی بڵاوکردووەتەوە وەکوو: ژین، ڕاپەڕین، هەتاو، هیوا، پێشکەوتن، ئازادی، بیری نوێ، عێراق، تەئاخی، گۆڤاری ئۆتۆنۆمی (حوکمی زاتی- هەولێر)، هەروەها بە عەرەبی لە ڕۆژنامەی (العراق) و (الاتحاد) و (التآخي)دا وتارم هەیە.

- لە یەکەم هەڵبژاردنی یەکێتیی نووسەرانی کورد لە بەغدا، بە یەکێک لە دەستەی بەڕێوەبەر هەڵبژێردرام.

- لە یانەی سەرکەوتنی کوردان لە بەغدا، بووم بە دوا سکرتێری یانەکە و ئیتر بەعس یانەکەی داخست.

## من و سیاسەت

وەکوو لە پێشەوە باسم کرد، دەنگدانەوەی باری ڕۆژگاری ساڵان لە (١٩٤٨)ـەوە کە بزووتنەوەی نیشتمان بە گوڕ کەوت و منی قوتابی بەلای خۆیەوە ڕاکێشا. هەر لە قۆناغی (ناوەندی) کاری ڕێکخستنم لە (یەکیەتی قوتابیانی عێراق) دەکرد و لەناو قوتابیاندا شانەی نهێنیمان دامەزراند، هەر جارە کۆدەبووینەوە باسی سیاسەت و بیروباوەڕی نیشتمانپەروەری و سۆشیالیستی بەهۆی پەخشنامە و نامیلکە نهێنییەکانەوە کە سەرچاوەی زانیاریمان بوون، باس دەکرا و قوتابیانی لێ ئاگادار دەکرایەوە.

لە کۆیە چەندین خۆپێشاندانی گەورە ڕووی دا کە قوتابیان بەشداری یەکەم بوون تێدا.

لە مەیدانی سیاسەتدا دوو حزب پارتی و شیوعی لەکاردابوون و هەریەکە لایەنگری زۆریان هەبوو، جیاوازی و ناکۆکی بیروڕا لەنێوان ئەم دوو لایەنە ئەوەبوو کە (شیوعی) دەیگوت خەباتی چینایەتی (نضال طبقي) پێویستە و پارتی دەیگوت خەباتی نەتەوەیی. یەکەم لە خەمی چینی هەژار و ڕەنجبەر و جوتیاراندا بوو، لایەنگریی یەکگرتوویی عێراق بوو. هەرچۆنێک بێت پێشڕەوانی میللەت بەرامبەر دەزگای (ئەمن) و پۆلیسی حکوومەت لە شەڕدا بوون و تووشی ئازار دەبوون.

تاکوو شۆڕشی تەمموزی ١٩٥٨ ڕووی دا خەڵک هەستی بە ئاسوودەیی کرد و زۆر دەستکەوتی باشی بۆ کورد هێنایە کایەوە، بەڵام ساڵی ١٩٦٣ کودەتایەکی نەتەوەپەرستە شۆڤینییەکانی عەرەبی ڕووی دا و بەعسییەکانی سەرکردەی کودەتاکە کەوتنە گیانی ڕۆڵەکانی گەل لە ڕۆشنبیران و ئەندامانی ڕێکخستنەکان و بە هەزاران کەسیان لە زیندان توند کرد و

ژمارەیەکی زۆریان لە زیندانەکانی بەغدا کوشت.
من دوای ئەم کودەتایە گیرام، لەسەر دەستی جەللادێکی بەعسی بەناوبانگ کە ناوی (نازم گزار) بوو ئازار و ئەشکەنجە درام، لە هەڵواسین و کوتان لە مردن نزیک بوومەوە. تا ماوەیەک پاش بەرەڵلابوونم لە بەندیخانە دەستەکانم نیوە ئیفلیج بوون و بیرەوەریم بەتەواوی کزبوو، دوای کودەتای (عبدالسلام عارف) بەسەر بەعسییەکاندا لە ١٨ی تشرینی ١٩٦٣.. باری زیندانیان نەختێ باش بوو، ئەشکەنجە و ئازاردان نەما، پاشان درامە دادگا و بەوە چاک بوو هیچ بەڵگەنامەیەک لەبەردەستدا نەبوو دژی من و چونکە من پێم لێ نەنابوو واتا (اعترافم) نەکردبوو کە شیوعیم جا بەرەڵلا کرام.
ئەو ماوەی زیندانییە کارێکی وای کردە سەر نەک هەر لاشە و تەندروستیم، بەڵکوو کارێکی وای کردە سەر بیر و بیرکۆڵی و بێ ئاگاییم، تاڕادەیەک لە شیعر و ئەدەبیات و ڕۆشنبیری، هەر بۆیە سەیر نییە پێش کودەتاکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ دوو کتێبم چاپ کردبوو، کە دواینیان لە ساڵی ١٩٦١ بوو، ماوەیەکی بۆ بیست ساڵ درێژەی کێشا، ئەوجا لە ساڵی ١٩٨١ کتێبێکی هەڵبەستم بە چاپ گەیاند.
ئیتر ڕەنگە ئەم ماوەیە کاردانەوەی لەسەر جۆری بەرهەمەکانم دیاری دابێت..
دوای گۆڕانی باری سیاسی عێراق و دەرچوونی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠، بزووتنەوەی ڕۆشنبیریی کوردی بووژایەوە و گەشەی کرد، منیش کەموزۆر لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا شیعر و وتارم دەنووسی و لە کۆڕ و کۆبوونەوە ڕۆشنبیرییەکاندا بەشداریم دەکرد.

**(*) لەگەڵ کچە خوێندکاری کۆیی (شەیدا باسم) سەرقاڵی ئامادەکردنی نامەیەکی ماستەر بووین لە بارەی (ئەزموونی ئەدەبیی عەبدولڕەزاق بیمار)، لەسەر داوای ئێمە ئەم کورتە بیۆگرافییەی بۆ نووسوین.**

**سەرنج:**
(١) م. عەبدولڕەزاق بیمار لە کۆتاییدا نووسیویەتی: ئەمانەی نووسیومە هەر بۆ ئاگاداریتانە و بۆ بڵاوکردنەوە نییە.
(٢) ئەم دەستنووسە، لەگەڵ چەند نامە و دەستنووسێکی دیکە، لە ئەرشیڤی د. کامیل حەسەن بەسیر بوون، بەهۆی د. عوسمان دەشتی دەستمان پێیان گەیشت، لەمەولا وردە وردە بە ڕێنووسی خۆمان لێیان بڵاو دەکەینەوە.
**(ڕامان)**